# وەزارەتی ناوخۆ
# ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان

## وەڵامدانەوەی قەیرانی مرۆیی لە هەرێمی کوردستان- عێراق

راپۆرتی ژمارە: ٦/ کانوونی دووەم/ 2016

# ناوەڕۆک


1. پێشەکی ____ 1
2. تێڕوانینێک دەربارەی سەرچاوەی کۆمەکی و دارایی ____ 4
3. هەڵسەنگاندنی وەڵامدانەوەی ڕاپەڕاندن ____ 7
4. تێڕوانینێکی ئامارەکان ........ 7
5. تەندروستی ........ 8
6. پاک و خاوێنی ئاو و ئاوەڕۆ ........ 11
7. پاراستن ........ 12
8. ئاسایشی خۆراک ........ 15
9. پەروەردە و فێرکردن ........ 16
10. کاریگەری لەسەر هاوڵاتیان ____ 19

# پێشەکی



حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق بە دەست ئەو هەموو کێشانەی کە لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٤ تووشی بووە دەناڵێنێ. سەرەتای ئەو کێشانە بە بڕینی بەشە بوجەی هەرێم لەلایەن حکومەتی عێراق دەستی پێکرد و پاشان لەگەڵ درووست بوون و پەیدا بوونی شەڕی داعش هاتنی ئەو شەپۆلە ئاوارانەی ڕوویان لە هەرێم کرد کێشەکان زۆرتر بوون. قەیرانەکان تاکو ئێستا لە هەرێم بەردەوامن و هیچ هیوایەکی روون نیە کە بەم زووانە چارەسەربکرێت. هەرچەندە هاتنی ئاوارەکان کەمی کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاتنیان بۆ هەرێم بەردەوامە. ئێستاش هەفتانە هەرێم پێشوازی لە نزیکەی ٣٠٠-٤٠٠ ئاوارە دەکات سەرەڕای هەبوونی ٢٤٠،٠٠٠ پەنابەری سوری و نزیکەی ١,٢ ملیۆن ئاوارەی ناوخۆی عێراق کە لە هەرێم دەژین. هەرچەندە حکومەتی هەرێم دەرگای کراوەیە بۆ هەموو ئەوانەی دەیانەوێت لە م ناوچەیە بە ئارامی ژیان بکەن، بەڵام لە خۆگرتنی ئاوارە و پەنابەری زیاتر لە توانای هەرێم دەرچووە. لەگەڵ کەمی هاوکاری مرۆیی و نا دڵنیایی لەگەڵ شێوازی هاوکارییەکان لە داهاتوودا. ئەمەش بوەتە هۆی دروستبوونی بۆشاییەك کە وەڵامدانەوەی قەیرانی مرۆیی مەترسیدار و زەحمەتر کردەوە.

# پێشەکی

لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت خزمەتگوزاری گشتی بۆ هاوڵاتیانی دابین بکات. بەتایبەت لە کەرتەکانی تەندرووستی و کارەبا. بۆ نموونە، خزمەتگوزاری تەندروستی تەنها رێژەی ٤٠-٤٥٪ بۆ هاوڵاتیانی هەرێم و هەموو ئەو پەنابەر و ئاوارانەی روویان لە هەرێم کردووە دابین دەکرێت. دابینکردنی کارەبای گشتی جارێکی تریش لە ١٨ کاتژمێر بۆ ٨-١٠ کاتژمێر لە ڕۆژێک کەمی کرد بۆ ئەوەی بتوانرێ کارەبا بۆ زۆرترین ناوچە دابینبکرێت. سەرەڕای ئەمانەش زۆربەی پڕۆژەکانی کەرتی تایبەت و گشتی بە هۆی نەبوونی پارە دواکەوتوون یان وەستاون. بە پێی ئامارەکان نزیکەی ٥٠٠٠ پڕۆژەی کەرتی گشتی لەگەڵ ٣٠٠٠ پڕۆژەی کەرتی تایبەت وەستاون و دواکەوتوون، وەستاندنی ئەم پڕۆژانە وایکردووە بە هەزاران هاوڵاتی ناوخۆیی و بیانی و ئاوارەو پەنابەر بێکاربن و هەزاران کۆمپانیای بچوك و مامناوەند بکەونە ژێر قەرز و مایە پووچ بن.



هەر هەرێمێک کە سەرەڕای هەبوونی ئابووری باش و ژێرخانی بەهێز دەکەوێتە ژێر پاڵەپەستۆوە کاتێک رێژە دانیشتووانی ٣٠٪ زیاد بکات. هەموو زیاد بوونێکی دانیشتووان داواکاری زۆر بە دوای خۆیدا دەهێنێت ئەمە سەرەڕای ئەوەی حکومەتی هەرێم کێشەی هەبوو پێش درووست بوونی ئەم قەیرانە مرۆییانە. تەنانەت کەموکوڕی هەبوو لە ژێرخانی خزمەتگوزاری گشتی. ئەم کێشە و قەیرانانە وای لە حکومەتی هەرێم کرد دەست بکات بە چاکسازی ئابووری و کارگێڕی بۆ دەرچوون لەم قەیرانانە و بەلایەنی کەمەوە کەمرکدنەوەی مەترسی هەرەس هێنانی ئابووری.

ئێستا مووچەی چوار مانگی فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێم دواکەوتووە و حکومەتیش زیاتر لە ١٦ ملیار دۆلار قەرزدارە. حکومەت هەوڵ دەدات داهات زیاد بکات و خەرجی کەم بکاتەوە. پێشبینی ناکرێت ئەم کێشە ئابووریانە بە ماوەیەکی کورت و لە داهاتوویەکی نزیک چارەسەر بکرێن. بێگومان ئەمەش کاریگەری خراپتر دەکاتە سەر هاوڵاتیانی هەرێم و ئاوارە و پەنابەران. پرسیارێکی گرنگ هەیە کە پێویستی بە وەڵام هەیە. ئەویش ئەوەیە ئەگەر حکومەتی هەرێم ئەم هەموو ئاوارەو پەنابەری لە خۆ نەگرتبا، بۆ کوێ دەچوون؟ ئاخۆ حکومەتی هەرێم تووشی ئەم قەیرانە ئابووری و داراییە دەبوو؟. بۆیە ئەرکی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و حکومەتی ناوەندی عێراقە بەشیک لە هاوکاریە مرۆییەکان لە ئاستۆ بگرن بە دابینکردنی هاوکاریی داراییی راستەوخۆی حکومەتی هەرێم تاکو لەم قەیرانانە ڕزگاری بێت. بە پێچەوانەوە کاریگەری ئەم بارودۆخە زۆر گەورەتر دەبێت و راستەوخۆ کار لە حکومەتی هەرێم ناوچەکە دەکات بەتایبەتی ئاوارەو و پەنابەران. بارودۆخەکە

## پێشەکی

لەئاستێکی مەترسیدار و خراپدایە  پێویستە بە زووترین کات یارمەتیە داراییەکان زیاتربکرێن و چونکە بەم جۆرە مەحاڵە حکومەتی هەرێم بتوانێت بەردەوام بێت لە دابینکردنی داواکاری ئاوارە و پەنابەران. هەرێمی کوردستان بۆتە جومگەیەکی سەرەکی لە ڕووی ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەکە. هەرچەندە ئەم قەیرانە ئابووریانە تەنگ و چەڵەمەی بە ملیۆنان هاولاتی هەرێم هەڵچنیووە. بە پێی هەموو هەڵسەنگاندنەکان و لێکدانەوەکان، ئەم حاڵەتە بەرەو خراپتر دەڕوات لە ساڵی ٢٠١٦ لەبەر بەردەوام دابەزینی نرخی نەوت کە نزیکەی ٩٠٪ لە داهاتی هەرێم پێکدێنێت، کەمی هاوکاری مرۆیی و زیادبوونی ئاوارەکان و خراپی بارودۆخی ژیانیان.

# تێڕوانینێک دەربارەی سەرچاوەی کۆمەک و دارایی

کەمی بەردەستبوونی دارایی بۆ وەڵامدانەوەی قەیرانە مرۆییەکان شتێکی زۆر ترسناکە. ئەمەش وایکردووە حکومەتی هەرێم نەتوانێت هەموو پێویستیە زۆرەی هەیە دابینی بکات. پلانی وەڵامدانەوەی قەیرانە مرۆییەکان تایبەت بە پەنابەران داڕێژراوە لەچوارچێوەی پلانی (3RP) کە ئەمەش توانراوە پشتگیری دارایی بۆ ڕێژەی ٣٧٪ دڵەڕاوکێ و کەم و کورتیەکان دابین بکرێت. پلانی وەڵامدانەوەی قەیرانی مرۆیی تایبەت بە ئاوارەکان (HRP) تاکو ئێستا ڕێژەی ٦١،٩٪ پشتگیری دارایی دابینکردووە. بە هۆی کەمی پاڵپشتی داراییەوە، پلانی وەڵامدانەوەی قەیرانە مرۆییەکان وەکو پێویست سەرکەوتوو نەبووە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گونجاو ئەمانجە سەرەکیە کورت و درێژ خایەناکانی بپێکێ. هەرچەندە ئەو هاوکاریانەی تاکو ئێستا کراون نەیان توانیووە پڕۆژە مام ناوەند و درێژ خایەن بەرجەستە بکەن بە هۆی کەمی پارەی تەرخانکراوەوە کە وایکردووە مەودای پڕۆژەکان بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بکات بۆ گەیشتن بە پێویستیە سەرەتاییەکانی دانیشتوان. لەو کاتەی ڕزگار کردنی ژیانی هاوڵاتیان بووەتە شتێکی لە پێشینە، چونکە پشتگوێ خستنی دانیشتوان دەبێتە درووست بوونی یان بووەتە هۆی درووست بوونی چەندین کێشە و گرفت. وەکو کێشەی تەندرووستی جەستەیی و عەقڵی، لاواز بوونی شێوازی ژیانی خێزان و کۆمەڵگا، درووستبوونی کەشێکی خراپ، لادان لە ڕێڕەوی فێربوون و گەشەی منداڵان و درووست بوونی پەشۆکی و نارەزایی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا.

دوای بڵاوبوونەوەی پەتای کۆلێرا لە ناوەڕاست و باشووری عیراق لە مانگی ئەیلولی ساڵی 2015، ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان JCC داوای کۆبونەوەی کرد لەگەڵ هاوبەشەکانی. JCC بە هەماهەنگی ڕێکخراوی UNOCHA توانی پێنج کۆبونووە ڕێکبخات بۆ مەبەستی دەستەبەرکردنی تەواوی تواناکان بۆ خۆپاراستن و وەڵامداناوەی پەتای کولێرا لە کاتی سەرهەڵدان و بڵاوبونەوەی لە هەرێمی کوردستان. گرنگترین ئەنجامەکانی کۆبوونەوەی یەکەم بریتیبوون لە دەستنیشانکردنی ئەو بەربەستانەکان لەگەڵ دیاریکردن و دۆزینەوەی ڕێگا چارەی کاریگەر و ئامادەکاریەکی تەواو لە ئەگەری بڵاوبوونەوەی پەتای کولێرا: ١) کەمی کلۆر و بڵاوکراوەی بەرنگاربوونەوە، ٢) هۆشیاری گشتی لەسەر پیس بوون و پاراستن و پاڵاوتنی ئاو وە هەروەها کاریگەری هۆشیاری ژینگەیی ، ٣)چاودێری کردنی سەچاوەکانی ئاو و ئاگادار کردنەوە لە میکانیزماکانی ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی پەتاکە. ئەمەش وەکو پشتگیری دەبێت بۆ تاقیگەکانی حکومەتی هەرێم، ٤) هەبوونی کەلوپەلی پێویست بۆ

# تێڕوانینێک دەربارەی سەرچاوەی کۆمەک و دارایی

چاکردنەوەی ژێرخانی ئاو و پاراستنی ئاو، ٥) دارشتنی بەرنامەی گونجاو بۆ بە فیرۆنەدانی ئاو و ڕێگریگرتن لە پیس بوونی ئاو، ٦) بەڕێوەبردن و مامەڵەکردن لەگەڵ هەبوونی هەر حاڵەتێکی کۆلێرا.

لە مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥، پرۆگرامی یارمەتی پێداویستی زستانە دەستی پێکرد و تاکو ئێستاش بەردەوامە بۆ دابینکردنی نەوت و کەلوپەلی زستانە بۆ ئاوارەو پەنابەران. بە هەماهەنگی و چاودێری ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان JCC بە هەموو لقەکانی لە هەر سێ پارێزگاکانی کوردستان، ڕێکخراوی UNOCHA هەستا بە دابینکردنی کەلوپەلی حەسانەوە و پێداویستیە سەرەکیەکان بۆ ٤٥٧٩٨ خێزان کە بریتی بوون لە بەتانی و ڕایەخی دژە ئاو و جەلیکانی نەوت. پرۆگرامەکە لە مانگی تشرینی یەکەم دەستی پێکرد، گەیشتە ٢٠٧٠٨ خێزان لە دهۆک، ١٥٨١٠ خێزان لە هەولێر و ٩٢٨٠ خێزان لە سلێمانی. لە سەراتا دا ژمارەی خێزانەکان زیاتر بوو لە ٣٩٠٠٠ خێزان (زیاتر ئەوانە بوون لە دەرەوەی کەمپ نیشتەجێ بوون). کۆی گشتی ٥٤٠٠٠ خێزانی ئاوارەو پەنابەران بە ئامانج کرابوون بۆ پێدانی کەلوپەلی زستانە. لەمانەش ٣٩٠٠٠ خێزان بۆ کەلوپەلی حەسانەوە و پێداویستیە سەرەکیەکان، دابینکردنی نەوت بۆ ٢٧٠٠٠ خێزان و دابینکردنی یارمەتی داریی بۆ کرینی نەوت بۆ ٢٧٠٠٠ خێزانی تر.

حکومەتی عێراق دەستی کرد بە پێدان و دابینکردنی بری ٢٠٠ لتر نەوت بۆ هەر خێزانێکی ئاوارەی. پرۆسەکە تاکو ئێستاش بەردەوامە بۆ هەموو ئەو خێزانانەی لە دەرەوە و ناوەوەی کەمپەکان دەژین. دابینکردنی نەوت لەلایەن حکەمەتی عێراق تەنها بۆ یەکجارە. لەگەڵ ئەمەش ئەوانەی لە نێو کەمپ ە دەرەوەی کەمپەکان دەژین پێویستیان بە بەتانی و سۆپای نەوتی هەیە.

خشتەی خوارەوە پرۆسەی دابەشکردنی نەوت نیشان دەدات:

| دابەشکردنی ٢٠٠ لیتر نەوت بۆ ئاوارەو پەناباران بۆ هەر خێزانێک | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | پارێزگا | کەمپ | دەرەوەی کەمپ | تێبینی |
| ١ | هەولێر | دابەشکراوە | بەردەوامە | *نەوتی دابینکراو بۆ کەمپی هەرشەم و بەحرکە لە لایەن ڕێکخراوی UNHCR*<br><br>*وەرگرتنی ٢٠٠ دۆلار بۆ هەر خێزانێک لە کەمپی دیبەگە و عەنکاوە بۆ کرینی نەوت* |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |
| ٢ | دهۆک | دابەشکراوە | بەردەوامە | |
| ٣ | سلێمانی | دابەشکراوە | بەردەوامە | دابەشکرنی نەوت دەستیپێکردووە لە بەرواری ٢٢-١١-٢٠١٥ لە ناوچە شاخاویەکانی کوردستان ئێستاش بەردەوامە لە نێو شار |

# هەڵسەنگاندنی وەڵامدانەوەی ڕاپەڕاندن

## تێڕوانینێکی ئاماری

| پارێزگا | ژمارەی ئاوەرەی ناوخۆیی | | | | ٪ پارێزگا |
|---|---|---|---|---|---|
| | ژ.خێزان | ژ.تاک | ٪ لە کەمپ | ٪ لە دەرەوەی کەمپ | |
| دهۆک | 91, 945 | 482, 874 | 40.27% | 59.73% | 39.27% |
| هەولێر | 99, 700 | 454, 077 | 3% | 97% | 37.02% |
| سلێمانی | 61, 547 | 289, 556 | 10.30% | 89.70% | 23.61% |
| کۆی گشتی | 253, 192 | 1, 226, 507 | 18.40% | 81.60% | 100% |

| پارێزگا | ژمارەی پەنابەر | | | | ٪ پارێزگا |
|---|---|---|---|---|---|
| | ژ.خێزان | ژ. تاک | ٪ لە کەمپ | ٪ لە دەرەوەی کەمپ | |
| دهۆک | 29, 628 | 94, 639 | 45.56% | 54.44% | 40.05% |
| هەولێر | 42, 922 | 112, 203 | 68% | 32% | 47.49% |
| سلێمانی | 11, 635 | 29, 434 | 2.72% | 97.28% | 12.46% |
| کۆی گشتی | 84, 185 | 236, 276 | 21.82% | 78.18% | 100% |

بێگومان لەگەڵ هاتنی ئەم ژمارە زۆرەی ئاوارە، پیداویستی و داواکاریەکانیان بەشێوەیەکی بەرچاو جێبەجێ نەکراوە. بەردەوام بوونی هاتنی ئاوارە بۆ هەرێمی کوردستان لە پارێزگاکانی تری عێراقەوە باردۆخێکی ئاڵۆزی دروستکردووە کە تیایدا ملیۆنان هاوڵاتی پێویستیان بە خزمەتگوزاری و پاراستن و لەخۆگرتن هەیە. ئەم خزمەتگوزاریانە هەر لە کەلوپەلە سەرەتاییەکانی ژیان، دووبارە ئاسایی کردنەوەی باردوخۆی دەروونی ئاوارە و پەنابەران و دابینکردنی پەروەردە و پارێزگاری

کۆمەڵایەتی، ئاسایشی ئابووری و گوزەرانی باشتریان دەگرێتەوە. هەر خێزانێک لە هەر شەپۆڵێکی هاتنی ئاوارە، چیرۆکێکی جیاوازی هەیە کە پەیوەستە بە سروشت و دووری ئەو جێگایەی تیایدا ئاوارە بووە. ئەمەش وای کردووە هەر خێزانێک لەم شەپۆلانەی ئاوارەبوون پێویستی و داواکاری سەرەکیەکانیان جیاوازبێت. لەگەڵ ئەمەش کە وەک ئەوەی لە خوارەوە باس کراوە، هەبوونی ئەم ئاوارانە کۆمەڵێک پێوسیتی هاوبەشیان هەیە بۆ گەڕانەوەیان بۆ دۆخێکی باشتر و فەراهەم کردنی ژیانێکی گونجاوتر.

## تەندروستی

وەزارەتی تەندروستی عێراق دوای دڵنیا بوونەوە لە ١٥ حاڵەت لە تاقیگەکانی عێراق، بڵاوبوونەوەی پەتای کۆلێرا لە دوو پارێزگای لە بەرواری ١٥ ئەیلولی 2015 ڕایگەیاند. وەکو هەنگاوێکی سەرەتایی بە مەبەستی ڕیگری کردن لە بڵاو بوونەوەی پەتاکە، وەزارەتی تەندرووستی و هاوبەشەکانی، کەرەستە و کەلوپەلی نەخۆشی سکچوون لە نەخۆشخانانەکانی ئەو ناوچانەی پەتاکەی لێ بلاوبۆیەوە دابەشکرد وە هەروەها هۆڵی تایبەتیان بۆ نەخۆشی سکچوون لەو ناوچانە ئامادەکرد. سەرەڕای ئەوەی ئەم پلانە توانی لە کاریگەری پەتاکە کەم بکاتەوە، بەڵام لە ٢٢ی تشرینی یەکەم زیاتر لە ٢٨٠٠ حاڵەتی کۆلێرا لە تاقیگیەی ناوەندی عێراق لە ١٧ پارێزگا ڕاگەیندرا. ئەم هەڕەشەیە گەیشتە هەرێمی کوردستان بە هەبوونی ١٠ حاڵەتی کۆلێرا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا توانرا حاڵەتەکان کۆنترۆڵبکرێن پاش ئامادە کردنی پلانێکی تۆکمە لە کاتی خۆی لەلایەن حکومەتی هەرێم و ئاژانسەکانی UN و هاوبەشەکانی. گرنگترین چالاکیەکانی کە ئەنجامدران بۆ ڕێگریکردن لە پەتاکە بریتی بوون لە بڵاوکردنەوە کەلوپەلی پاک و خاوێنی، ئاوی خاوێن، کەلوپەلی پێویست بۆ خاوێنکردن و پاراستنی ئاو و کامپینی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندرووستی. بەشێوەیەکی دیار و تایبەت ڕێکخراوی تەندرووستی جیهانی و هاوبەشەکانی هەستان بە دابینکردنی هاوکاری بۆ فەرمانگەی تەندرووستی بە مەبەستی جێبەجێ کردنی دوو خولی کوتان دژی نەخۆشی کۆلێرا لە هەموو هەرێمی کوردستان. خشتەی ١،١ و ١،٢ لە خوارەوە ئاماژە بەوە کردووە کە ڕاوێژکردنی پزیشکی لە مانگی ئەیلول بە ڕێژەی ٢٩٪ زیادکردووە کە هۆکاری سەرەکی ئەم ڕاوێژکردنە لەبەر نەخۆشی سکچوون، هەوکردنی پێست، هەوکردنی سیەکان بووە بەڵام لە مانگی تشرینی یەکەم و دووەم ڕاوێژکردنی پزیشکی کەمی کردووە بەهۆی کەم بوونەوە پەتای کۆلێرا.

لە مانگی تشرینی دووەم، خولی دووەمی کوتان دژی نەخۆشی ئیفلیجی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەستی پێکرد. لە ماوەی ٥ ڕۆژی کەمپینەکە نزیکەی ١٠٠٪ هەموو منداڵانی ناوچەکەی گرتەووە بێجگە لەو منداڵانەی کە پێشتر کوترابوون لە کەمپینی کۆلێرا. لە شاری دهۆک ٤٤،٩٩٧ منداڵی ئاوارەی تەمەن خوار ٥ ساڵی و ١٩٤،٩٩٦ منداڵی تری خەڵکی ناوچەکە کوتران. لە هەولێر




٣٨،٥٤٥ منداڵانی ئاوارەی دەرەوەی کەمپەکان واتا ئەوانەی ناو کۆمەڵگا دەژین کوتران و لە کاتێکدا لە سلێمانی ٢٣،٣٠٤ منداڵ کە لە ناو کۆمەڵگا دەژیان لەم کەمپینە کوتران وەکو ئەوەی لە خشتەی ژمارە ١،٣ لە خوارەوە نیشاندراوە.






# هەڵسەنگاندنی وەڵامدانەوەی ڕاپەراندن

هەرچەندە وەڵامدانەوەی تەندروستی بۆ ئەو ناوچانەی لە سەرەوە ئامازەیان بۆ کراوە زۆر وورد بووە، بەڵام تاکو ئێستاش چەند بەربەستێکی دیارو بەرچاو لە پێش ئەنجامدانی کارەکان هەیە. کەمی دەرمان چەند گرفتێکی گەورەی بۆ نەخۆشەکان درووست کردووە کە تاکو ئێستا چەند نەخۆشێك بە دەست نەخۆشی درێژخایەنەوە دەناڵێنن. کەمی پاڵپشتی دارایی و هاوکاری خۆراک دەبێتە هۆی زیادبوون و درووستبوونی بەد خۆراکی بە تایبەتی لە نێو منداڵان. کەلوپەلی فریاکەوتوون لە کۆگاکانی هەرێم بە گوێرەی پێویست نیە. بەهاناوەچوونی حاڵەتەکانی فریاکەوتن لە هەرێم لە استادا زەحمەت و مەحاڵە، لە هەمان کاتدا سیستەمی تەندروستی لە هەرێم ناتوانێت ژمارەیکی زۆری نەخۆش لە خۆ بگرێت ئەمەش بە گوێرەی لێدوانی بەرپرسانی وەزارەتی تەندروستی کە ڕایگەیاندوە لە کاتی ئێستادا کەرتی تەندروستی دەتوانێت تەنها ٤٠ – ٤٥٪ خزمەتگوزاریی سەرەتایی بۆ دانیشتوانان دابین بکات. ئەمەش وای کردووە ڕێژەیەکی ترسناکی ٥٠-٥٥٪ دانیشتوانان بێ بەش بن لە خزمەتگوزاری تەندروستی. ئەگەر هاوکاری دارایی دابین نەکرێت، پێشبینی دەکرێت ئەم بۆشاییە زیاد بێت لە ساڵی ٢٠١٦. گرنگترین داواکاریەکان لە کاتی ئێستا بریتیە لە نۆژەنکردنەوە و فراوانکردن و چاکردنەوە بنکەی خزمەتگوزاریە سەرەکی و لاوەکیەکان کە ئەمانە داگرێتەوە:

١- ژێرخانی تەندروستی:

- درووست کردن و بەرەو پێش بردن بنکەی تەندروستی سەرەکی و لاوەکی
- بەرزکردنەوەی ئاستی ئەو بنکە تەندروستیانەی ئێستا هەن
- فراوان کردنی ئەو بنکە تەندروستیانەی ئێستا هەن

٢- کەلوپەل و پێداویستی پزیشکیەکان:

- دابینکردنی دەرمان و کەلوپەلی دەرمانخانە و ئامێرەکانی فریاکەوتن لە کاتی بڵاوبونەوەی هەر نەخۆشیەک.
- دابینکردنی کەلوپەلە پێویستەکانی تەندروستی و تاقیگەیی
- دابینکردنی کەلوپەلی نەشتەرگەری
- تازەکردنەوەی ئەو کەلوپەلانەی بۆ نەشتەرگەری بەکاردێن
- دابینکردنی ئەمبولانس بە هەموو کەلوپەلەکانیەوە
- دابینکردنی فریاگوزاری سەرەتایی و کەلوپەلی ئاگرکوژێنەوە بۆ هەموو خێزانێک کە نیشتەجێی کەمپەکانن

# هەڵسەنگاندنی وەڵامدانەوەی ڕاپەڕاندن

٣- تێچووی ڕاپەڕاندنی کاروبارەکان

- دابینکردنی مووچەی کارمەندەکان کە بریتین لە پزیشکان و یاریدەدەری پزیشکان و پەرستارەکان و فەرمانبەرانی کەرتی تەندروستی.
- دابینکردنی مەشق و ڕاهێنانی پیشەیی لەسەر فریاگوزاری سەرەتایی بۆ چاودێران و ستافی کەمپەکان لەسەر حالەتی لە ناکاو.
- تەرخانکردنی هاوکاری دارایی بۆ کارگێری کردن و بەڕێوبردن و تێچووی تەندروستی.

## پاک و خاوێنی ئاو و ئاوەڕۆ



بڵاوبونەوەی نەخۆشی کۆلێرا لە سەرانسەری عێراق ڕێکخراوی WHO و هاوبەشەکانی ناچار کرد کە پلاناکانیان بگۆڕن وئامادەکاری بۆ ڕێگری کردن لە نەخۆشی کۆلێرا بکەن بە پلانی سەرەکیان. چالاکی و ئامادەکاریەکان لە ناو کامپەکانی ئاوارە و پەنابaran و کۆمەڵگای میواندار جێبەجێکران. گرنگترین ئەو چالاکیانەی کە لەلایەن ڕێکخراوی WHO و هاوبەشەکانی کران بریتی بوون لە : تاقی کردنەوەی کوالیتی ئاو و خاوێن کردنەوەی وێستگەی پاککردنەوەی ئاو و بڵاوکردنەوەی کەلوپەلی خاوێن کردنەوە و کۆکردنەوە و فرێدانی زبڵ و خۆڵ و خاشاک و دابینکردنی تەنکەری ئاوی خاوێن لە چەند ناوچەیەک و کەمپینی هۆشیاری کردنەوەی هاوڵاتیان. ئەممە لە کاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی کەم و کوڕیەکی ئێجگار گەورە بووەتە لە ژێرخانی ئاوی خاوێن و خراپی سیستەمی دابینکردنی ئاوی خاوێن و کەمی ماددەی کلۆر بۆ خاوێن کردنەوەی ئاو. لە کاتێکدا کە نەخۆشی کۆلێرا لە ناوچەکانی ترەوە هاتووە بۆ کوردستان، بۆیە هەوڵەکان پۆلێن کراون بۆ ڕێگری کردن لە هەر بڵاوبونەوەیەکی تر لە هەرێم. لەم کاتەدا هەرێمی کوردستان کێشەی دابینکردنی ٢٩٪ ماددەی کلۆری هەیە، ئەمەش ڕێگری لەبەردەم هەوڵەکانی خاوێن کردنەوەی ئاو و لە ناو بردنی زیندەلۆچکانەی لە ناو ئاو دەژین کە دەبنە هۆی بڵاوبونەوەی نەخۆشیەکە. لە کاتێکدا ئەم جارەیان بە شێوەیەکی ڕێک و پێک ڕێگریکرا لە بڵاوبونەوەی نەخۆشی کۆلێرا لەم کاتەدا، بەڵام لەوانەیە حکومەتی هەرێم نەتوانێت ئەم ڕێگریە لە داهاتوو بکات. چەند کارێکی گرنگ ماون بۆ باشترکردن و چاکردنەوەی وێستگەکانی پاکردنەوەی ئاو تاکو بتوانن ئاوی خاوێن بۆ هاوڵاتیان دابین بکەن.

- دابینکردنی سەرچاوەی ئاو بە پێ مەرج و ستانداردی جیهانی بۆ کەمپەکان.
- درووست کردن و دانانی بۆڕی گواستنەوەی ئاو لە هەر شوێنێک کە پێویست بێت.
- چاککردنەوە و تازەکردنەوەی بۆڕیەکانی گواستنەوەی ئاو.
- دابین کردن و درووستکردنی تانکی ئاوی لە هەموو کامپەکان.
- دابین کردنی ماددەی کلۆر بۆ دڵنیا بوون لە دابینکردنی ١٠٠٪ ئاوی خاوێن بۆ هەموو دانیشتوانی هەرێم

## پاراستن

پاراستنی ئاوارە و پەنابەرن لە ئێستادا بە گرنگترین کاری سەرەکی حکومەتی هەرێم دادەندرێت، بە تایبەتی بۆ ئافرەتان و منداڵان و بە ساڵچووان و کەم ئەندامان. حکومەتی هەرێم ڕێ و شوێنی گونجاوی گرتووەتە بەر بۆ ئەم کارە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا چەندین کێشە و کەم و کورتی ماوون. لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بە شودانی پێش وەختە بە شێوەکی بەرچاو زیادی کردووە لە نێو ئاوارە و پەنابەران بە تایبەتی لە پارێزگای دهۆک. ئەمەش وایکرد لایەنە پەیوەندارەکان لە حکومەت و ڕێکخراوەکان کەمپینێک دژی با شوودانی پێش وەختە ڕێکبخەن لە نێو کەمپەکان بۆ ماوەی دوومانگ. کەمپینەکە کۆمەڵێک چالاکی لە خۆگرتبوو لەوانە: کەمپینی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە نێو منداڵاندا و ڕاهێنانی ستافی پەیوەندیدار لە ڕێکخراوە نا حکومیەکان و هاوبەشەکانی UN لەسەر کەمپینەکە و بەشداری پێکردنی خەڵکی ئاسایی لە کۆمەڵگا لە بەرێوبەرانی کەمپ و مامۆستا و پیاوانی ئایینی. خشتەی ١,٤ ئاماژە بە ژمارەی ئەم هاولاتیانە دەکات کە خزمەتگوزاری پاراستن و چاودێری کردنیان پێگەیشتوە لە ماوەیەکی کورتدا.



دوابەدوای ئەمە وەکو بەڵگەیەک خشتەی ژمارە ١،٥ و ١،٦ نیشان دەدات کە چۆن ژمارەی ئەوانەی ڕزگاربوون لە توندو تیژی سێکسی پەیوەندیان بە لایەنی پەیوەندار و ڕاوێژکارییە دەروونییەکان کردوە.

خشتەی ١،٥
ژمارەی ئەم هاوڵاتیانەی لە توندوتیژی سێکسی رزگاریان بووەو پەیوەندیان بە راوێژکاری دەروونی کردووە




خشتەی ١،٦
ژمارەی ئەم هاوڵاتیانە لە توندوتیژی سێکسی رزگاریان بووە و پەیوەندیان بە پزیشک ودەروونناساناوە کردووە




ڕێکخراوەکانی تایبەت بە پرسی توندوتیژی سێکسی دژی ئافرەتان چەندین پەیامی گرنگیان بڵاوکردەوە سەبارەت بە توندوتیژی سێکسی دژی ئافرەتان و هەروەها پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری سەبارەت بە کەمپینی بڵاوکردنەوەی هۆشیارکردنەوە لەم بوارەدا، هەروەها ئەنجامدانی چەندین کاروچالاکی سەبارەت بە بنیاتنانی تواناکان بۆ بەرێوەبەرانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، کە تیایدا خولی مەشق و ڕاهێنانی پەیوەست بەم بوارە ئەنجامدرا.

لەگەڵ ئەمەشدا، کەرتی پاراستن چەندین کێشە و کەم و کورتی تێدایە وەکو کەمی پێویستیەکانی پاراستن بۆ خەڵکانی ئاوارە و پەنابەرەکان. پێداویستیەکانی پاراستن و وەڵامدانەوەی ئەم کەرتە زۆر تایبەت و هەستیارن و دابینکردنیان زۆر زەحمەتە، بۆیە مەترسی زیان پێگەیاندیان زۆر بەرزە، هەروەها هەندێك لە پێداویستیەکانی پاراستن زۆر هەستیارن لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە و بەشێوەیەك تاك و خێزانەکان زۆر بە زەحمەت بەدەستی دەهێنن. بۆیە، زۆر گرنگە لەم ڕوانگەوە بایەخ بە خێزان و کۆمەڵگە بدرێت دیالۆگ و گفتوگۆ ئەنجام بدرێت بەمەبەستی کردنەوەی ڕێگا و ئاسانکاری کردن بۆ ئەم هاوکاری و خزمەتگوزاریانە، هەروەها بەردەوام بوونی خولی مەشق و ڕاهێنانی هۆشیاری بە مەبەستی دڵنیابوون لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاك و کۆمەڵگە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا،

# هەڵسەنگاندنی وەڵامدانەوەی ڕاپەڕاندن

پارەیەکی زۆر کەم دەستەبەرکراوە بۆ پێداویستیەکانی پاراستن لەژێر ڕۆشنایی هەردوو پلانی هاوکاری مرۆیی .(HRP & 3RP) . ئەمانەی خوارەوە بەگرنگترین پێداویستی دەست نیشانکراوون:

١- پێداویستیە گرنگەکان تایبەت بە بۆ بواری یەکسانی ڕەگەزی:

- دامەزراندنی تیمی گەڕۆکی هاوبەش، بەمەبەستی چاودێریکردن و بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی کێشەکانی پەیوەست بە توند و تیژی سێکسی دژ بە ئافرەتان.
- دابینکردنی خزمەتگوزاری پاککردنەوە (WASH) و پابەند بوون بە پێوەرەکانی پاراستن بەمەبەستی فەراهەم کردنی کەش و هەوایەکی لەبار بۆ ئافرەتان و منداڵان و گەنجان و هەرزەکاران .
- کردنەوەی خولی مەشق و ڕاهێنانی پیشەیی و هونەری بۆ ئافرەتان .
- دامەزراندنی خولی مەشق و ڕاهێنانی پەیوەست بە بەرنامەکان لەمانەش بنیاتنانی خزمەتگوزاری مەشق و اهێنان و لەناوەوەی کامپەکان لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان .

٢- چاودێریکردن و هەماهەنگی کردن:

- دامەزراندنی ناوەندی ڕاوێژکاری کە تیایاندا بەشێوەیەکی ئازادانە پێداوستی و گرفتەکان تاوتوێ بکرێت و بڵاوکردنەوەی زانیاری پەیوەندیدار.
- دامەزراندن و کردنەوەی یەکەی چاودێریکردن بەمەبەستی سەرپەرشتی کردن و دڵنیابوون لەوەی کە هاوکاریە مرۆیەکان بەشێوەیەکی یەکسان و لەکاتی دیاریکراوی خۆیان دابەشکراوون بەشێوەیەکی ڕێك و پێك
- دامەزارندن و کردنەوەی یەکەی چاودێریکردنی مەشق پێکراو و خاوەن ئەزموون بەمەبەستی دڵنیابوون و ڕێگریکردن لە ئەنجامدانی سەرپێچی دژ بە مافی مرۆڤ و تاوانی سێکسی دژ بە ئافرەتان و تاوانی کۆمەڵایەتی .

## ئاسایشی خۆراک

خۆراك بە پێداویستیەکی هەرە سەرەکی و لەپێشینەی ئاوارە و پەنابەرەکان دادەنرێت، لە هەرێمی کوردستانی ئاوارە و پەنابەرە کەم دەرامەت و هەژارەکان بەشێکی هەرەزۆری خۆراك و پێداویستیەکانینان وەرگرتووە لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان. هۆکاری سەرەکی نەبوون و کەمی هاوکاریەکانی حکومەت لە هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ کێشە و گرفتی پەیوەست بە سیستەمی دابەشکردنی گشتی(PDS) ، کەبەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەڕێوەدەبردرێت. بەردەوام بوونی قەیران و گرفتی پەیوەست بە دووبارە تۆمارکردنەوە بۆ ناو لیستی سیستەمی دابەشکردنی گشتی(PDS) ، کە ئەمەش مانای ئەوەیە کە زۆربەی زۆری خێزانە ئاوارەکان دەستیان

خشتەی ١،٧
ئەم هاوڵاتیانەی هاوکاری خۆراکیان وەرگرتووە




خشتەی ١،٨
ئەم هاوڵاتیانەی هاوکاری خۆراکیان لە ریگای کاش/پسولە وەرگرتووە




ناگات بە سیستەمی دابەشکردنی گشتی(PDS) ، ئەمەش وایلێکردون کە پشت ببەستن بە هاوکاریەکانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان یان پشت بەستن بە خەرجی خۆیانەوە. ژمارەی ئەو خەڵکانەی کە هاوکاری خۆراکیان وەرگرتووە بەشێوەیەکی بەردەوام لە هەڵبەزین و دابەزیندایە لەماوەی ئەو شەش مانگەی ڕابردوو، مانگی تشرینی دووەم کەمبوونەوەیەکی ئێجگار گەورەی بەخۆیەوە بینی لەڕووی ژمارەوە، هەروەك لە خشتەی ١،٧ پیشاندراووە. لەگەڵ ئەمەشدا، ژمارەی ئەو خەڵکانەی کە هاوکاری خۆراکیان وەرگرتووە لەڕێگەی پارەی کاش/پسوولە بەشێوەیەکی ڕێژەیی وەکو خۆی ماوەتەوە، بەڵام تاکو ئێستا نەگەیشتووە بەئاستی پێداویستی ئاوارە و پەنابەران . لەکاتی ئێستادا، هەموو کەمپەکانی پەنابەران لە هەرێمی کوردستان لە شێوازی وەرگرتنی ڕاستەوخۆی هاوکاری خۆراکەوە گۆڕاوون بۆ وەرگرتنی خۆراك لەڕێگەی پسوولە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی و نەبوونی سەرچاوەی دارایی و نەبوونی هیچ پلانێکی پێشنیارکراو بۆ زیاد کردنی بڕی ئەم پسوولانە. بەهای پسوولەی خۆراك لە مانگی تشرینی یەکەم، هەروەك مانگەکانی

ڕابردوو مایەوە، کە بڕەکەی بریتی بوو لە 19 دۆلاری ئەمریکی بۆ هەر تاکێك مانگانە، ئەمەش بۆ ئەو خێزانانەی کە زۆر کەمدەرامەتن و پێویستیان بە خۆراکە. هەروەها، بڕی 10 دۆلاری ئەمریکی تەرخان کراوە بۆ هەر کەسێك بۆ هەر مانگێك، بۆ ئەو خێزانانەی کە مامناوەندن و کەمترپێویستیان بە خۆراکە.

## پەروەردە و فێرکردن





لە کۆتایی سالێ خوێندنی ٢٠١٤-٢٠١٥ راپۆرتەکان ئەوەیان نیشاندا کە تەنها ٪٣٢ منداڵانی ئاوارە لە خزمەتگوزاری خوێندنیان سوودمەند بوون . هۆکاری سەرەکی بۆ ئەم ڕێژە کەم و ترسناکە ئەوەیە کە ژمارەی قوتابخانەکان کەمن و زۆربەیان و هەروەها لەهەر قوتابخانەیەك دوو دەوامی و سێ دەوام دەکری و کەمی مووچەی مامۆستایان و کەمی مامۆستای بە ئەزموون و کەمی کەل و پەلی خوێندن و کەمی جێگای خوێندن و پرۆگرامی خوێندن، بە زمانی خویندن هۆکارێکی ترە کە ریگری دەکات لە خوێندنی منداڵانی پەنابەر. لە کاتێکدا کە ڕێکخراوەکان و هاوبەشەکانیان گرنگی بە پەروەردە و فێرکردن دەدەن کێشەکانیان بۆ لایەنی پەیوەندیدار خستۆتە ڕوو و بەشێوەیەکی بەردەوام لە هەوڵی زیادکردنی تۆماری منداڵانن لە قوتابخەنەکانن و لەگەڵ ئەمەش هەزاران منداڵ بێ بەش بوون لە هەلی خوێندن. ساڵی خوێندن نوێ لە مانگی تشرینی یەکەم دەستی پێکرد. وەکو لە خشتەی ١,٩ نیشاندەدات کە چۆن تۆمارکردنی قوتابیان بۆ خوێندنی سەرەتایی بۆ منداڵی تەمەن ٦-١٤ ساڵ بڵاوبۆتەوە

خستەی ١،٩
تۆماری مندالانی تەمەن (٦-١٤) ساڵی بۆ خوێندنی سەرەتایی




ئەو ڕێکخراو و هاوبەشانە کە لە بواری پەروەردەو فێرکرد کاردەکەن تەنها یارمەتی منداڵانی ئاوارەیان نەداوە بۆ خۆ تۆمارکردن لە خوێندن بەڵام لەگەڵ ئەوەش توانیان قوتابخانەی نوێ بکەنەوە کەمپینەکی سەرکەوتوو بۆ ئەوەی هانیان بدەن کە بگەڕێنەوە بۆ خوێندن

خشتەی ٢،٠
تۆماری منداڵانی تەمەن ١٥-١٧ ساڵی بۆ خوێندنی ناوەندی




لە کاتێکدا ئەمە سوودی هەبوو بۆ منداڵانی تەمەن ٦-١٤ ساڵی، بە گشتی وەکو لە خشتەی ژمارە ٢،٠ دەردەکەوێت، کە ئارەزووی منداڵانی تەمەن ١٥-١٧ ساڵ بۆ قوتابخانە جێگای نیگەرانیە. سەرگوزشتەی منداڵانی تەمەن ١٥-١٧ بە نەرێنی دەمێنێتەوە بۆ چوون بۆ قوتابخانە، ئەوان زیاتر حەز دەکەن هەلی کاریان دەست بکەوێت نەک بچن بۆ قوتابخانە ئەمەش بە بڕیاری خۆیان دەبێت یان لە ژێر فشاری خێزانەکانیان دەبێت.



بە گوێرەی چەند سەرچاوەیەکی تایبەت لە نێو پەنابەران، تاکو ئێستا جیاوازیەکی زۆر بۆ چالاکی پەروەردەیی هەیە لە نێوان ئەوانەی لە کەمپەکان و دەرەوەی کەمپەکان دەژین. بە گشتی ڕێژەی منداڵانی تەمەن ١٥-١٧ ساڵی کە لە قوتابخانەی فەرمی دەخوێنن ترسناکە بە ڕێژەی ٥٪ ، ئەمە لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە بە بەراورد بۆ منداڵانی تەمەن ٦-١٤ ساڵی زۆر زیاترە. بە پێی خەمڵدنەکان ڕێژەی ئەو

# هەڵسەنگاندنی وەڵامدانەوەی ڕاپەراندن

منداڵانەی تەمەنیان لە نێوان ٦-١٤ ساڵیدایە و دەچن بۆ قوتابخانە بەڕێژەی ٩٧٪ هەژمار دەکرێت، لەو ڕێژەیەش تەنها ٤٩٪ ئەم منداڵانەی دەچنە قوتابخانە کە لە دەرەوەی کەمپەکانن.
کەرتی پەروەردەو فێرکردن بە شێوەیەکی جدی کار دەکات بۆ ئەوەی کێشەو گرفتەکان بەردەم خوێندنی منداڵانی ئاوارە چارەسەر بکات. ئەمانەی خوارەوە وەکو کاری لە پێشینە دیاریکراون بۆ بەرەوە پێشچوونی کەرتی پەروەردە و فێرکردن و زیادکردنی تۆماری قوتابیان لە قوتابخانەی فەرمی کە کۆمەڵێک کار لە خۆ دەگرێت وەکو نۆژەنکردنەوە و فراوانکردنی قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندی:

١- ژێرخانی پەروەردە:
- نۆژەنکردنەوە و تازەکردنەوەی باڵەخانەی ئەو قوتابخانانەی ئێستا هەن
- دروستکردن و دامەزراندنی چەند قوتابخانەیەک لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان، قوتابخانە نوێیەکان دەتواندرێت درووست بکرێت لە کابینە و یاخود باڵەخانە.

٢- کەلوپەل و پێداویستی پەروەردەیی:
- دابینکردنی کەلوپەل و پێداویستی قوتابخانە بۆ مامۆستا و قوتابیان.
- تازەکردنەوەی کەلوپەلی ئەو قوتابخانانەی ئێستا هەن
- دابینکردنی کەلوپەلی سەرەتایی قوتابخانە وەکو پەڕاوگە بۆ هەموو پۆلێک و قوتابییەک

٣- تێچووی ڕاپەراندنی کاروبارەکان:
- دابینکردنی مامۆستایان لە سەرانسەری هەرێم
- دابینکردنی مووچە بۆ ئەوانەی لە قوتابخانەکان کار دەکان وەکو مامۆستا و کارمەند و فەرمانبەرانی ناو قوتابخانەی کەمپەکان.
- ئەنجامدانی ڕاهێنانی تەکنیکی پەیوەندیدار بۆ مامۆستایان لە ئێستا و داهاتوو

## کاریگەری بەسەر هاوڵاتیان

هەرێمی کوردستانی رووبەرووی هاتنی چەند لێشاوێک لە ئاوارە و پەنابەری بۆتەوە لە ئەنجامی سەرهەڵدانی ئەم شەڕ و ناسەقامگیری و توندوتیژیانەی لە سوریا عێراق هەیە. ئەمەش قڵ کاریگەریەکی زۆری هەبووە لەسەر ڕەوشی دارایی و کۆمەڵایەتی هەرێم. وەڵامدانەوەی قەیرانە مرۆیییەکان و دابینکردنی پێداویستیەکانی ئاوارە و پەناباران کارێکی قورس و زەحمەتە، لەگەڵ ئەمەش کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر کۆمەڵگای میواندار.



هاوڵاتیان داوا دەکەن کە حکومەت پشتگوێیان نەخات لەم شڵەژانە و بارودۆخە ناهەموارەی کە هەیە لە ناوچەکە. تاکو ئیستا وا دەخەمڵێندرێت ٨١٪ خێزانی ئاوارەو ٦٩٪ خێزانی پەنابەر لە دەرەوەی کەمپەکان نیشتەجێن. ئەمانەش هەموو بوونەتە هۆی قەرەباڵغی و زیادبوونی داواکاری بۆ خزمەتگوزارییەکان و بەکارهێنانی سەرچاوەکان.

ئەو بوارە گرنگانەی کە پێویستە دیاریبکرێن و چاودێری بکرێن بە مەبەستی ڕێگریکردن لە خراپ بوونی ڕەوشی ژیانی هاوڵاتیان لە داهاتوودا ئەمانەن: دابینکردنی سەرچاوەی سروشتی پێویست و پڕکردنەوەی بازاڕی کار و چڕکردنەوەی داهات و ڕێگریکردن لە هەڵئاوسانی نرخی خانووبەرە و ئاسایشی خۆراک و سەقامگیری کۆمەڵایەتی و زۆربوونی هەژاری و دابینکردنی پرۆگرامی خوێندن و تەندروستی.

بابەتێکی تر کە پێویستی بە خستنە ڕوو هەیە برێتیە لە زۆربوونی داواکاری لەسەر ئاوی خواردنەوە پاککردنەوەی خۆڵ و خاشاک لە کۆمەڵگای و کەمپەکانیش. داواکاری ئاوی پاک بە ڕێژەی ١١٪ (١٧،١ ملیۆن مەتر سێجا) زیادیکردووە بە هۆی زیاد بوونی ڕێژەی دانیشتوان، لەگەڵ ئەمەشدا بە هۆی زۆربوونی ئاوی پیس و پاشماوە و نەبوونی سیتەمێکی گونجاو بۆ پاککردنەوەی ئاوی پیس و خراپی تۆڕی زێراب و چەند کێشەیەکی تری پەیوەندیدار زیادیکردووە.

# کاریگەری بەسەر هاوڵاتیان

هەروەها بە ڕێژەی ٢٦٪ (١،٦٩٠ تەن) خۆڵ و خاشاک زیادیکردووە، ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی جگە لە کاریگەری خراپی لەسەر ژێرخانی دارایی و ژینگەیی، کاریگەری راستەوخۆی دەبێت لەسەر ژیان و تەندرووستی دانیشتوان لەسەر هاوڵاتیان و ئاوارەو پەنابەران.

نزیکەی ٢٥٪ بەرهەمی کارەبای گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ئاوارەو پەناباران دابین دەکرێت. لە ئەنجامی ئەم فشارە زۆرە و کەمی سەرچاوەی دارایی بەرهەمی کارەبای هەرێم بە شێوەیەکی یەکجار زۆر کەمیکردوە کە بە ڕێژەی ٥٠٪ هەژمار دەکرێت. لە رابردوو حکومەتی هەرێم توانای دابینکردنی ٢٣ کاتژمێری کارەبای بۆ هاوڵاتیان هەبوو بەڵام لە ئێستادا دەتوانێت تەنها ٨-١٠ کاتژمێر کارەبا دابین بکات.

ئاسایشی خۆراك، هەرچەندە ئێستا بە شێوەیەکی تاڕدەیەك باش بەڕێوە دەبردرێت، بەڵام مەترسی لەسەر ئاسایشی خۆراك هەیە لە ئایندە. ڕێژەیەکی زۆری هاوڵاتیان پشت بە کڕینی خۆراك دەبەستن بەڵام لە بەرامبەریشدا، بەشێکی زۆری هاوڵاتیان پشت بە بەشە خۆراکی مانگانە دەبەستن کە لەلایەن حکومەت دابەش دەکرێت. پێویستە ئەوەش باس بکرێت کە هەندێك لە هاوڵاتیان تەواو پشت بە خۆراکی مانگانە دەبەستن وەکو سەرچاوەی سەرەکی خۆراك. لە کاتی ئێستادا بە شێوەیەکی ڕێژەیی ئاسایشی خۆراك دابین کراوە بەڵام بۆ ماوەی زۆرتر و لە ئەگەری ڕوودانی قەیرانی دیکەی مرۆیی یان دارایی و نەمانی بەشە خۆراکی مانگانە ئەوا کاریگەری و مەترسی تەواو دەکاتە سەر ئاسایشی خۆراك.
ڕێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان بۆ دووهێندە بەرزبوەتەوە لە 3. 5% بۆ 8. 1% لە ساڵی 2014. هەرچەندە ئەوە بۆ چەندین فاکتەر دەگەڕێتەوە، بەڵام بەشێکی زۆری پەیوەندی بە هاتنی ئاوارەکانەوە هەیە کە بۆتە هۆی هەڵاوسانی بازاڕ و کەمبوونەوەی دەرفەتی کار. زیادبووونی پێشبڕکێی لەنێوان هێزی کار لە کەرتی گشتی و کەرتی خزمەتگوزاری، بە تایبەتی پێشبڕکێ لەسەر کەرتی خزمەتگوزاری و هێزی بازوو هەیە. کەمبوونەوەی داهات بۆتە بەربەست لەبەردەم توانای بەردەوامیدان بە پەیوەندی نێوان داهات و خەرجی ئەمەش بوەتە هۆی زۆربوونی بارگرانی لەسەر قەرزکردن هەروەکو خێزانەکان بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنان لە داهاتیان پشت بە قەرز دەبەستن. هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارەکانی ناوخۆ و پەنابەران لە دەرەوەی کەمپەکان لەخانوی کرێ دەژین، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گەورەیە کە بتوانرێت شوێنی نیشتەجێبوون بە کرێیەکی گونجاو دابین بکرێت بۆ هاوڵاتیانی هەرێم و ئاوارە و پەنابەران. هەروەك لە ڕاپۆرتی بانکی نێودەوڵەتی و وەزارەتی پلاندانان هاتووە کە 243. 000 ئاوارە پێویستی بە شوێنی گونجاو هەیە .

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەیەك کاتدا ڕووبەڕووی سێ

# کاریگەری بەسەر هاوڵاتیان

قەیران بۆتەوە ئەوانیش: شەڕ لە دژی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش و قەیرانی ئاوارە و پەنابەران و قەیرانی دارایی.



کاریگەرییە جۆراوجۆرەکان و گەورەیی ئەو ئەو گرفتانەی کە هەرێمی کوردستان پێیدا تێدەپەڕێت، هەرچەندە هەمووی پەیوەندی بە لە ناکاو زیادبوونی ڕێژەی 30%دانیشتوان نیە ، بەڵام ئەوە روونە ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەی ناوخۆ و پەنابەر ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری کردۆتە سەر ژێرخانی کۆمەڵگا و پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییە گشتی و سەرەتاییەکان . هاوڵاتیان و دانیشتوانی هەرێمی کوردستان تاکو ئێستا هەڵسوکەوتیان دۆستانە و هاوکاری بووە لەگەڵ ئاوارەی ناوخۆ و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان و ئومێدەوارین بەم شێوەیە بەردەوام بێت و تاکو ئێستا پێکەوە ژیان نەبۆتە کێشە، بەڵام نیگەرانیەکان بەردەوام روو لە زیابوونن بەهۆی زیادبوونی کاریگەری ئاوارەکان لەسەر دانیشتوانی هەرێم و بەهۆی بەردەوامی شەڕ و ناسەقامگیری هیچ گەشبینیەك نیە بۆ تێپەڕاندنی قەیرانی مرۆیی ئاوارەبوون.لەبەرئەوە پێویستە کار لەسەر بەرنامەیەکی فریاکەوتن بکرێت سەبارەت بە پێکەوەژیان و هەڵکردن لە نێوان ئاوارە و پەنابەر و هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان .